# ئەوانەی لە پێناو پۆست و مەنسبدا ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرن

**هیشام ئاکرەیی**
akreyii@gmail.com

منداڵان بە گەلێ شێوە هەوڵدەدەن باری سەرنجی دایکان و باوکان بۆ خۆیان ڕاکێشن. یەکێ لەو شێوانە تۆڕەکردنی دایکوباوکانە بە سازدانی کردەوەیەکی چەوت. وەک ئەوەی منداڵەکە پەنجەرەی ماڵەکە بشکێنێت یان جنێو بە دایک و باوک بدات یان کارێک بکات کە لە جێگای ڕەزامەندی ئەواندا نەبێت. ژمارەیەک لە نووسەر و ڕۆشەنبیری کوردیش تەنیا بۆ ئەوەی باری سەرنجی پارتە کوردستانیەکان و دەسەڵاتی باشووری کوردستان بۆ خۆیان ڕابکێشن، ڕەخنە لە دەسەڵات دەکرن و نارەزایی خۆیان لەسەر هەموو کردەوەکانی دەسەڵاتی باشووری کوردستان دەردەبڕن. لایان گرنگ نییە کردەوەکانی دەسەڵات ڕاستن یان هەڵە، ئەوەی گرنگە لایان دژایەتیکردنە تاوەکوو دەسەڵات پێیان دەڵێت فەرموون جیتان دەوێت و پۆستێک بۆی دابین دەکات و ئەو کاتە ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ و نامرۆڤ و زۆر شتی تر، لای دەبێتە دەسەڵاتێکی دیموکراسی و دادوەر و مودێرن.

ئەو ڕۆشەنبیرانە پیان وایە تەنیا ئەگەر ئەوان لە ناو دەسەڵاتدا نەبن و بەرپرسیار نەبن لە حکومەتی کوردستاندا، ئەو کاتە حکومەت گەندەڵ و نافامە، بەڵام ئەگەر ئەوان ڕۆیشتنە ناو دەسەڵاتدا و بۆن بە وەزیر ئەو کاتە دەبێتە دەسەڵاتێکی دەستپاک و دیموکرات.

کارێکی تری ژمارەیەک لە ڕۆشەنبیران داواکردنی پۆستی بەرزە، و کاتێک بابەتێک دەنووسن یان قسە دەکەن بێشرمانە دەڵێن، فلان وەزیر لە من باشتر نییە، یان دەڵێن ئەگەر پارتی یان یەکێتی بمکەنە وەزیر بێ قەید و مەرج قبوڵ ناکەم.... ئەوە جگە لەوەی هەندێ ڕۆشەنبیر هەر بە ئاشکرا داوای پۆستی وەزارەت دەکەن. ئەم هەڵسووکەوتەی ئەو جۆرە ڕۆشەنبیرانە مانای ئەوە دەدات کە ئەوان چاویان لە دەسەڵات و پۆستە و وەزارەتەکانە و دروستکردنی گۆڕانکاری لەوەدا دەبینن کە ئەوان ببنە وەزیر و دەسەڵاتدار. ئەوەی جێگای دانوسان و گفترگۆیە، ئەم جۆرە ڕۆشەنبیرانە داوا لە خودی پارتی و یەکێتی دەکەن بیان کەنە وەزیر و دەسەڵاتدار. ئەم بەڕێزانە داوا لەو پارتانە دەکەن کە خۆیان پێیان دەڵێن گەندەڵ و دیکتاتوور، بیان کەنە وەزیر و کورسی وەزیرێکی گەندەڵ پیان بدرێت. ئەمە وەک ئەوەیە داوا لە باندێکی دزان بکەیت کەسانێکی دادوەر و دەستپاک بکەنە سەرۆک یان بەرپرسیارێکی بەرز لە باندی دزاندا. ئەمەش بەحەیاتی خۆی نابێت. چونکە یان دەبێت ئەو کەسەش ببێتە دز یانیش بە هیچ شێوەیەک ناکرێتە سەرۆک و بەرپرسیار.

ئەگەر باسی بیروبارەڕیش بکەین هەمان هاوکێشە کاریگەرە. بۆ نموونە پارتێکی سوسیال دیموکرات بەحەیاتی خۆی کابرایەکی مودێرات و پارێزگار ناکاتە بەرپرسیار لە ناو ڕیزەکانی خۆیدا، هەروەها پارتێکی لیبراڵ کەسانێکی ڕادیکال لە ڕیزەکانی خۆیدا قبوڵ ناکات.

لە باشووری کوردستانیش، پارتی و یەکێتی دوو پارتی سیاسین و خاون فکرێکی تایبەتن بە خۆیان. هەر کەسێک لە حکومەتەکەیاندا بەشداربێت دەبێ وەک ئەوان بیر بکاتەوە و سیاسەتی ئەوان جێبەجێ بکات. کەواتە ئەو کاتە پارتی یە یەکێتی پۆستێک بە ڕۆشەنبیرێک دەدەن کە سیاسەتی ئەوان جیبەجێبکات و ڕۆشەنبیر وەک ئەوان لێبێت نەک بە پێچەوانەوە. لەم ماوەیەدا چەندین نموونەمان هەیە تیایدا ڕۆشەنبیران نەک نەیانتوانیوە دەسەلأت بگۆڕن بەلکوو دەسەلأت توانیویەتی ئەوان بگۆڕێت و تێکەلأوی گەندەلێشیان بکات و لە باشترین حالەتدا ئەو ڕۆشەنبیرانە بێدەنگ کراوەن و چاو لە هەموو هەلەکانی دەسەلأت دەنووقێنن و باسی یەک کردەوەی چەوتی دەسەلأت ناکەن.

بە دێتنی بەندە تاوەکوو ئێستا دەسەلأتی باشووری کوردستان نەگەیشتووە ئەو ئاستەی بیەوێت گۆڕانکاری بنەڕەتی لەناو خۆیدا دروست بکات و ماوەیەکی تریشی دەوێت بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی بزانن لە بارودووخێکی مەترسیدار دان و گەندەلی خەریکە دیان خنکێنێت. هەر گۆڕانکاریەک پێویسە بە ڕێگای پلانێکی ئاشکرای چاکسازی بێت و بە تاک چارەسەر ناکرێت.

هەلبەتە پێویستە جیاوازی لە نێوان کاری ئەکادیمی وەک بوون بە مامۆستا لە زانکۆ و پۆستەسیاسیەکان دابنرێت. لەوانەیە کەسانێکی ئەکادیمی بتوانێت کارێکی ئەکادیمی نەک سیاسی (حکومەی، پارتایەتی و ڕاگەیاندن) لە باشووری کوردستان بکات ئەگەرئامادەبێت چاو لە هەلە حزبی و حکومەیەکان بنووقێنێت، بەلأم بەهیچ شێوەیەک کەسانێکی ئەکادیمی ناتوانێت پۆستێکی سیاسی-حکومی بەڕێوە ببات بە بێ ئەوەی تێکەلأوی بۆگەنی دەسەلأتداران بێت و خۆی لە ناحەقیەکان بێدەنگ نەکات و خەسلەتی ئەو دەسەلأتە هەلنەگرێت.

بۆیە ڕەخنەی ئەو ڕۆشەنبیرانەی ئامادە لە پۆستە سیاسیەکانی دەسەلأتدا کاربکەن و لە لایەک ڕەخنە لە دسەلأت دەگرن و لە لای ترەوە داوای پۆست دەکەن، زیاتر دەکەوێتە خانەی نازکردن لە دەسلأت و کردەوەکەیان تەنیا بۆ کێشانی باری سەرنجی پارتی و یەکێتیە بۆ ئەوەی پەیوەندیان پێوە بکەن و پۆستێک پێیان بدەن. ئەو کەسانە لە زۆربەی حالەتیشدا داوای پۆستێکی وەزاری دەکەن. لە بارودووخێکی ئاواییدا نابێت گلەیی و ڕەخنە لە دەسەلأتی باشووری کوردستان بگرین لەسەر هەبوونی 42 وەزارەت چونکە نەک تەنیا (پێشمەرگەدێرینەکان) و (کەسوکاری شەهیدان) داوای وەزارەت دەکەن بەلکوو دەیان (ڕۆشەنبیری) ژن و پیاویش ئەوانەی لە ئەوروپا و کوردستان دەژین داوای پۆستی وەزارەت دەکەن و ئامادەن لە گەلْ ئەو دەسەلأتەی ئەوان پێی دەلێن گەندەلْ و دز، کار بکەن ئەگەر کورسی وەزارەت بیان دەنێ.